# ئەنتۆلۆژیای شیعر

## خوێندنەوەیەکە بۆ قەسیدەی (درەختی دەسڕ)ی سەڵاح جەلال

ڕێباز حەمەجەزا

لە بنەڕەتدا شیعر مەیلێکی شاقووڵی شاعیرە بۆ حاڵەتە ئەنتۆنۆلۆژییەکان و دیدەنیکردنی گەردوون و جیهان، بەڵام ئەوەی گرێ و گۆڵی دروستکردووە و بووەتە مایەی ئەوەی نەتوانین هەندێک بەکێشەی بکەین، نەبوونی ئەو مەرجەعە ژینالۆژییەیە لە جیهانی مۆدێرنداو لە دنیای ئەمڕۆدا...

واتە (شیعر) زادەی ئەمڕۆو ئەم جیهانە نوێیە نییە کە هەیە، بەڵکو سەر بە ساتەکانی دروستبوون و بنەڕەتە گەردوونیی و گەردان نەکراوەکانە، هەروەکو (محەمەد سویرتی) دەڵێت: «کێشەی مەرجەع، لە کێشە میحوەرییەکانی زمان و تیۆرەی ئەدەبییە»[1]، لەم سەروبەندەشدا گەشتی ڕەخنە و توێژینەوە و کەشف، گەشتێکی ئاڵۆز و پڕگرفتە، لەبەرئەوەی ڕێگاکان لە سەرەتای گەشتەکەدا کۆتایی دێن[2]، هەر لەبەر ئەوەش داوای مەعریفە لە شیعر ناکرێت، شتەکان و کەسەکان مەعریفەی زانستی و پێشکەشکردنی تانوپۆن، بەڵکو داوای دەربڕینی جوان لە شعری بەهێز لەو کەسانە دەکرێت(...)[3]، لەم نێوانەشدا نووسەر بەیانی پەژارەی تاکەکەسیانەی خۆی ناکات و ژان و زێ وجود مانیفێست دەکات و خۆی دەکات بە بەشێک لەو بوونە ئەنتۆلۆژییە و تێیدا چڕ دەبێتەوە و خۆی دەخزێنێتە ناو کێشە سەرمەدییەکان و دابەش دەبێت بەسەر شیعرداو لە هەرمانی کۆسمۆلۆژییدا ئازارەکانی شاعیر دروست دەبنەوە... تا ڕادەی (خۆشەهیدکردن)، ئەوەتا شاعیر دەڵێت:

**تەزووی زمان بە تەرزەئاژێری مێشک پڕا**
**گریانێک لە تونێلی هەتایی دێت:**
**(گەردوون بە پرچی خوێنینی درەخت تەنرا)**
**دەسڕی سواڵ بەگێژەڵۆکەی بیرەوە خوێندرایەوە (...)**

دەق زانستێکی گشتیی هەموو زانستەمرۆڤایەتییەکانە،[4] بابەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە تەنها بابەتی زانستەمرۆڤایەتییەکان نییە، بەڵکو مرۆڤ وەکو بەرهەمهێنەری دەقەکان[5] دەخوێنێتەوە. مرۆڤی شاعیریش بە تایبەتمەندیی خۆیەوە پشکداریی دەکات، چونکە (زمانی شاعیر زمانێکی تایبەتە)[6]، وەکو شاعیر (سەڵاح جەلال) ئاماژەی بۆ کردووە:

**گەردوونێک بە تەلێکسی کچە قەرەجێکی ناو(با)**
**جوگرافیای نهێنی (بوون)ی بە قژە سەر نەخشاندەوە،**
**چییە ئەم چاو و کەلانەی بە لۆکۆسەوە بارگاوین؟**

ناڕاستەوخۆو نەبینراوانە شاعیر سەڵاح جەلال دەیەوێت ئەو پەیوەندییە پچڕاوەی مرۆڤایەتیی کە مێژووەکەی هەزاران ساڵە، پێکەوە ببەستێتەوە، بەشداریی و پشکداریی لە نووسینەوەی (ئەنتۆلۆژیای شیعر)دا بکات، دەیەوێت مێژووی پڕشکۆی (شیعر)، کە من لێرەدا بە (ئەنتۆلۆژیا) ناوی دەبەم، تێکەڵ بە پەژارەی ئەم چاخە و لەسەر ئەم پلانێتە بکاتو دەگەڕێتەوە و خۆی دەلکێنێت بەو شارستانییەتەوە کە لە ڕەحمی (شیعر)دا لەدایک بووە:

**ئەوەی زیندووە لە بەرامبەر ئێمەیە،**
**سەرچاوەی چەمکە قووڵ و ڕوونەکانە بۆ شارستانییەتەکەی ئێمە**

ژۆرژباتای دەیوت: وازم لە جیهان هێناوە... بەڵام کاریگەریی هەمەلایەنە، حاشا هەڵنەگر، قووڵ و چارەنووسسازی لەسەر هزری مۆدێرن و ڕەخنەی نوێ[7] دانا، خەمی شاعیریش هەمان خەمە، بەڵام بە زیادکردنەوە خەمی مەقامو بەرزبوونەوەیە لە ئاستێک بۆ ئاستێکی ترو باڵاتر، بە ڕادەیەک خۆی لە بەرامبەر هەردوو ژیاری (خۆرهەڵات و خۆرئاوا)دا دەبینێتەوەو خۆی پێوە توند گرێ دەدات لە ڕێی ئەو هێز و دەسەڵاتە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەی کە هەیەتی و نایەوێت لێیان بترازێت، چونکە ئەوەی دیارە، دابڕان لە ژیار؛ هەڵبژاردنی بەربەرییەت و ئاشتەواییکردن لەگەڵی، پشکداربوونە لە گەڵیدا:

**لەم دارستانی ڕۆح چرۆیە مێژوو تەنیا جوومجوومەیە**
**(بوون) گەڵا ڕۆمانی سیبریایە (...)**

**عیشق بە پریشکی بەرد نوزەی دێت**
**سەمۆڵبەندانی (بوون) هەسارەی ئاگری دەردا:**
**جەنگی گەردوونی بە ئێمە عیشق بڵێسەی گرت (...)**

شاعیر سەڵاح جەلال، زەنگی مەترسی لێ دەدات و دەمانباتەوە ناواخنی ئەو جەنگەڵەوە کە تووشی پەرتبوون و لێکترازان هاتووە لە ژیارەکان، ئەمیش- شاعیر- وەک پەیامبەرێکی نوێ دێتو ئەو پەیوەندییە گرێدەداتەوە و وا دەکات خودی شاعیر و دەقەکەی خۆی جیابکاتەوە لەو پەتا شیعرییەی پێوەی دەناڵێنن و وا دەکات (شیعر) بکەینە کێشە، هەر بە کێشەش بیخوێنینەوەو بە یەکێک لە جۆرەکانی کێشەی ئەم دەقە دەبێتە کێشەیەکی ئەنتۆلۆژیی و دوورەدەست لە مانا سایکۆلۆژیی و باوەکان و ساکار خۆی نانوێنێت و سانا نایەت بەدەستەوە و بابەتی (سات) نین، بەڵکو نەمرو زیندوو سەرمەدیین، ئەمەش جیاکاریی شارە مەزنەکان دەردەخات لەو دەقە شیعرییانەی کە زوو تێپەڕن و شەخسین!!

خودی ئێمەش دنیا بەهۆی ئەو شتانەی کە خوێندوومانەتەوە، دەناسین و ئیدی توانای تێگەیشتنمان نییە لەو شتە فیزیکییانەمان بەو جۆرەی هەیە[8].

**ئەم زریانە گێژەڵوکەی کوژاوەی لۆکۆسی (بوون)ە (...)**
**لە حەرفی خوڵاویی دەسەسڕی مێشکەوە دێت (..)**
**بلوێن دەسڕ بە کێم و دەزووی خوێنینی تێکەڵەوە**
**خومخانەی گەردوونیان بە کابەردین ڕەنگ کردەوە**
**وێنەی جیهان تێکەڵ**
**بە سەگێکی پەڕیو بووە (...)**
**بە ئاو بەندی زەمەنی بیر و فەلسەفە**
**ڕەگی فیزیا لە یەکپچڕان (.)**

گەر بە زمانی (بریتۆن) بدوێم، (شاعیر) دەیەوێت وێنە بۆ ڕاڤەی وێنە بەکاربهێنێت، نەک بە زمانی (دریدا)گوتەنی کاری بریتی دەبێت لەوەی ئەزموونی نێواخنی خۆی بشارێتەوە[9]، تاکو ئەزموونی دەرەکی نیشان بدات...

**مرۆ لە (بوون) جیابووەوە (..)**
**گەردوون لە ڕووخسار و جوانی (...)**

لیۆنارد لە کتێبی «شوێنگەی پۆستمۆدێرن»دا ڕوونیکردووەتەوە کە لە دەنگناسیی و واتاناسییدا هاتوونەتە ئاراوە[10]، دەتوانێت نیشانە ئیکۆنییەکان بەسەر دوو دەستەی وێنەکان و دەرخەرەکاندا دابەش بکەین، لە یەکەمیاندا، هەمان لێکچوونی کەرتەکان گرنگە، بەڵام لە دووەمیاندا لێکچوونەکان پەیوەندییە ناوەکییەکانی بەشەکان گرنگ دەبن[11].

**ئێستا فەزا بە دەسڕی هەزار ڕەنگەوە چنراوە (...)**
**ئەستێرەبارانی وێنەکۆرپە پارچەپەڕۆی خوڵاوییە..**
**ئەوە دەسڕێک زمانی گرت!!**

شاعیر سەڵاح جەلال ئاماژە دەدات، بەوەی گەردوون کەوتووەتە مەترسیی ئەوەی ببێتە جەنگەڵ وەکو (پێرس)، دوو چەشنە نیشانەی ئێندێکسی لێک جیا کردووەتەوە، نیشانەکانی جۆری یەکەم پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو فیزیکی، یان لەگەڵ بابەتدا هەیە، وەکو نموونەکانی دوکەڵی ئاگرو شوێن پێ، بەڵام نیشانەکانی جۆری دووەم بە فۆرمێکی دەستکاریکراوی جۆری یەکەم ئەژمار دەکرێن[12].

**چییە ئەم زریانی بەردە؟**
**ئەم تراویلکە فسفۆڕییانە؟**
**کشتوکاڵی زەوی بە مرۆی مێروویی سەوزە**
**مێروو بە بای زەیستانی ونبوون**
**ژیان لە فەزای دەسڕێکا نیشتەجێ بوو**
**(بوون) بە تاڵیشکی بانگەشەیەک دەتوایەوە**
**تابلۆی کچێکی غەوارە بۆ دەسڕەکەی دەگریا (...)**

لێرەدا ئەو وتەیەی (پۆل دێمان)م بیردێتەوە کە نووسیویەتی: (...) خاڵی سەرەکی (...) ئەمە نییە کە وشەکان واتایەکیان هەیە، بەڵکو ئەوەیە کە چۆن واتایان هەیە[13].

**سەگێک لە درەختی بیرکەرەوە گەڵای دەرکرد (...)**
**وشەی عیبریی و حەرفی لۆکۆسی تێکەڵکرد**
**تۆوی زەوی بوو بە تۆزی مۆخە مرۆ**
**کەللە بە گەڵای (بیر)**
**وەری**
**گڵ بەشێی**
**شێوەپشیلە توایەوە**
**گەردوون بووە**
**پەرتووکێکی**
**پریاسکەیی**
**دەسەسڕێک**
**بارگەی**
**(بوون)ی**
**پێچایەوە (...)**

> شاعیر سەڵاح جەلال دەیەوێت ئەو پەیوەندییە پچڕاوەی مرۆڤایەتیی، کە مێژووەکەی هەزاران ساڵە، پێکەوە ببەستێتەوە

هەموو دەرگاکردنەوەیەک، هەموو هەنگاوێک بۆ پێشەوە بۆ نێو کایەی مەعریفە لە بنەچەدا بۆ ئازایەتیی دەگەڕێتەوە[14]، هەروەکو (بارت) دەڵێت: «چێژی دەق هیچ کات هیچ شتێک ڕەت ناکاتەوە[15]، بەڵکو جۆرێکە لە مەشق و ڕاهێنان لەسەر ڕەسەن و ژینالۆژیای شتەکان، کە ئەمەش هەندێ کات لە ڕێی فەنتازیاوە گەشە دەکات»و لە قووڵایی فەنتازیادا لە (شیعر)دا سیمای جیهان جۆرێکە کە (...) (سەراسیمەکەرە)، وەکو ئەوەی ئەوە جیهانە؟[16]، کە جیهانی فەنتازی لە سادەترین پێناسەیدا سڕینەوەی یاساکانی سرووشت و لۆژیک، کە خۆی لۆژیکێکی تایبەت بە خۆی دادەمەزرێنێت وەکو پێشووتر، پێچەوانەی لایەنی (لۆژیکی)، یاخود (یاسا) دیارەکانمانە (...)[17].

خوێندنەوە لە حەقیقەتدا، کارکردنە لەگەڵ زماندا[18]، چونکە خەیاڵی خەلاق هی کەسێکە توانای خەیاڵاندنی هەبێت[19].

**سەگەل سەرابی دەسڕیان بەکەڵبەزانست هەڵکۆڵی (...)**


سەڵاح جەلال

**کشتوکاڵ بەچرۆی دەسڕ شین بوو(...)**
**بە تۆورەگەزی سەگەوە ڕەنگاڵە بوون**

حەیدەی عەلی لە مەقالەیەکی دا بەناوی «الرؤية الجمالية في خطاب فوكو»دا دەڵێت: بەڕای مانتیانا، دەق تەحقیقی ناوەوەی چێژەکانمانە، ئێمە لە بەرامبەردا تەنها مەعریفە نین، بەڵکو ڕۆحی کەینوونەین (...)

**درەختی بیر گەڵای دەسڕی سواڵ دەگرێت**
**بەرهاتی ژین پرتەقاڵ و میوە دەسڕە**
**دەسڕێک لە کاغەزی ڕۆحا پێچامییەوە**
**وێنەی دێڵە سەگێکی سیحری بوو**
**قروسکەی عیشقە تەزووی دڵی گرتم،**
**عیشقی ڕوانین فیزیای هەسارەیی کێشا**

لە ڕاستیدا یەکەم ساتەکانی کارو هوشیاریی ئەوەیە لە هەمان کاتدا، وەرگرتن و درککردنی (جوانییە) لە جیهاندا[20]، داهێنانی ئەدەبی جۆرێکی ڕاقییە لە جۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی و مادەی بیناکردنی پاشماوەی ئەدەبیی وشەیە، کە جۆرێکی تایبەتییە لە هۆشیاریی[21].

**نامەم بۆ سەگی دێرینە نووسی(...)!!**
**لە دوا بستی گەردوونەوە یەکمان بینی**
**تەنیا کەپرێک بە دەسڕێکی فرمێسکاویی**
**بوو بە فەزاو زەوی (بوون)مان (...)**

پەژارەی نووسەر لێرەدا شێوەیەکە لە خەمەکانی شاعیرەکانی پێش خۆیو بارگاوییە بەو مرۆڤانەی کە کۆسمۆلۆژیی ژیاون و گەردوونیان کردووەتە نیشتمان.

**خۆر ئاوا لانکەی بەردبارانی سیزیفییە (...)**
**لە ئاوێنەی کۆرپەسەرابی هەوری فیکر**
**فیلمی درەختی دەسڕ لە نە (بوون)ا دەشواتەوە**

ئەمە ئەو باسە سەرەکییەیە کە نووسەر لە چەندان جێگەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (چاوشارکێ) (بوون)و (نەبوون)، وەگێژ دەداتو شاعیر مەست دەکەن:

**دەسڕێکم گرت پۆپەشمینی شای**
**مێشهەنگ بوو(...)**
**تۆوی شیرپەنجەی نەمریی بۆ هێنا بووم**
**بە ژەهری بوون وێنام کردو**
**بە دوا کفنی مردنمەوە ئاوێتە بوون**

لێرەدا پەیامی نووسەر بارگاویی دەبێت بە (فەلسەفەی مەرگ)و دەمانباتەوە بۆ ڕەچەڵەکەکانی شیعرو تێکەڵمان دەکاتەوە بۆ (میتۆلۆژیا)و لەوێدا دەمان توێنێتەوەو وەکو (دێو جینی)یەیکش دەڵێت:

**نامەم بۆ سەگی عاشقم نووسییەوە:**
**(تەونی مێشک دەسڕی ڕوانینی تەنیوین (...)**
**ئەگەر مردم بەو دەسڕە کفنم بکە**
**هەتا لە خومخانەی وێنە بەیەک بگەین)...**

(شاعیر) وەک (پێغەمبەرێک)، کۆمەڵە کێشەیەکی وجودیی کردووەتە ماکی قەسیدەکە و هەروا بەئاسانی ڕازی نابێت بمرێت، بەڵکو دەیەوێت خۆی لێوان بکات لە پەژارەکانی بوون و مەرگێکی ئەنتۆلۆژیی هەڵدەبژێرێت:

**لەم یۆتۆبیا ڕووخسارییە بوون دەسڕی شێرپەنجەیە**
**ژیان تۆڕی کەرنەڤاڵی حەشیشەیە**
**وێنە و ڕووخسار لە دەسڕی فەلسەفەیا پێچرایەوە**
**ئێستا دوائاوازی کارامازۆفی فیزیایە...**
**هەموو ساتێک بە لەرزەی فەزای بوونەوە**
**نامە بۆ گەردوون چاپ دەکات(...)**

(شاعیر) هەست بەو تەنگەژە و قەیرانەکانی دەکات کە عەقڵ و کۆنسێپتەکانی فەلسەفەو شیعرو ....هتد، پێکەوە ئالودەیان دەکات، وشەکانی خۆی بەیان دەکات و تا ڕادەی ئەوەی لەوپەڕی غرووریی شاعیرییەوە دەڵێت:

**دارستانی مێشک لێرە دەسڕی وشەی گرتووە (...)**

بەجۆرێک نووسەر شانازیی دەکات و بەردەوام دەبێت:

**بۆ هەزارە زەمەنی لەسەر خۆی داخست (...)**

تا لە دواپلەی کەماڵو کۆتایی قەسیدەکەدا (شاعیر) بەقینەوە دەڵێت:

**کەرنەڤاڵی درەختە دەسڕی (بوون) دەکەین (...)**

ئەمە دوا پەیامی نووسەرە: کە هێندەمان دەسڕ گرتووەو چاری تر نەماوە ئێستا کەرنەڤاڵ دەکەین و کەرنەڤاڵ دوا پلەو دوا ئاستی قەسیدەکەی باڵا دەکات...

سەرچاوەکان:


(1) النقد النبوي والنص الروائي، تأليف: محمد سويرتي، طبعة الثانية، ١٩٩٤، أفريقا الشرق، ١٩٩١، ص ٧٢.
(2) هەمان سەرچاوە، ل ٥٤.
(3) هەمان سەرچاوە، ل ٥٤.
(4) المدأ الحواري، تأليف: تزفيتان تودوروف-ترجمة: فخري صالح- دارا الشؤن الثقافية العامة، الطبعة الاولي، ١٩٩٢، ص٣٩.
(5) هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.
(6) هەمان سەرچاوە، ل ٨٧.
(7) پێکهاتەو ڕاڤەی دەق کتێبی سێهەم نووسینی (بابەک ئەحمەدی)، وەرگێڕانی (مەسعود بابانی)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، ل١٣٢.
(8) هەمان سەرچاوەی پێشوو، کتێبی دووەم، ل١٢٢.
(9) هەمان سەرچاوە، ل١٣٥.
(10) هەمان سەرچاوە ل١٤.
(11) هەمان سەرچاوە، ل٣٢.
(12) هەمان سەرچاوە، ل٣٤.
(13) هەمان سەرچاوە، ل٤١.
(14) نیچە، نووسینی (میل دۆلۆز)، وەرگێڕانی (ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل)، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، (٢٠٠٩)، ل٧٦.
(15) چێژی دەق، نووسینی ڕۆلان بارت، وەرگێڕانی: ئیسماعیل زراعی، دەزگای وەرگێڕان، (٢٠٠٧)، هەولێر، ل٢٣.
(16) ادب الفنتازيا، تأليف: نەبي أبتر، ترجمة: جبار سعدون، دار المأمون بغداد، ١٩٨٩، ص١٣١.
(17) هەمان سەرچاوە.
(18) قرأة المعرفة، مقدمة عن (بارت، فوكو، التوسير) تأليف: مايكل باين، ترجمة: دانا سردار، ٢٠١١، ص١٣١.
(19) المثل و عمله، تأليف، ي.م. رابورت، ترجمة: عادل كوركيس، الطبعة الاولي، دار الشؤن الثقافية العامة، ١٩٩٢ ص٢٩.
(20) الوعي والفن، طيورطي طاضيف، ترجمة: د.نوفن نيوق، دار المعرفة، ١٩٩٠، ص١٢.
(21) هەمان سەرچاوە، ص٤٣.